ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# دۆخی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان

ئاودێر جەمیل مستەفا



نیسانی ٢٠٢١

# دۆخی سەروەری یاسا لەهەرێمی کوردستان

**نوسین و ئامادەکردنی: ئاودێر جمیل مستەفا**

**ئەندامی ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان**

Email: research.gorran@gmail.com

**نیسانی ٢٠٢١**

## پێڕست

پوختە .......... ٣
سەرەتا .......... ٥
تایبەتمەندی سەروەری یاسا .......... ٦
هەنگاوە کردارییەکان بۆ سەروەری یاسا .......... ٨
هەرێمی کوردستان و سەروەری یاسا .......... ١٠
دەستور، ئەنجومەنی یاسادانان و سەروەری یاسا .......... ١١
دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەروەری یاسا .......... ١٤
دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا .......... ١٦
ئەنجام .......... ٣١
سەرچاوەکان .......... ٣٢

## پوختە

سـەروەری یاسـا، بە مانـای سـنورداركردنی هێـزی خۆسـەر(هەمەجیەت)ی دەوڵەت، یـان حکـومەت بەمەبەستی پاراستنی ماف و ئازادیە بنەڕەتیەكانی تاك، لە بنەما سەرەكیەكانی دیموكراسیە. سـەروەری یاسا بەمانای هیچ هێزێک سەروتر لە یاسا نەبێت، پێویستە هەمـوو ئۆرگـان و دەسـەڵاتێک پەیوەسـتی هێزی یاسا بێت، ئەمەش هاوكارە بۆ نەبەزانـدنی سـنوری چوارچێـوە یاسـای و سیاسـی و ئـابوری و كۆمەڵایەتیەكان، كە لە ژێر چەتری یاسای دانراون، هەر یاساش پارێزگاری لێ دەكات.

پرسی ماف سەروەری یاسا لە كۆمەڵگـای كـوردی (باشـوری كوردسـتان)، بە مانـا سـەردەمیانەكەی شتێكی تازە و سەرەتایی نییە، دەگەڕێتەوە بۆ سـەرەتاكانی سـەدەی بیسـتەم، كە لە لایەن شۆرشـگێر و كەسایەتی سیاسی، بیرمەند، شاعیر و تاكی كوردی لەو سەردەمە تـایبەت بە مـاف و ئازادیەكـانی تـاكی كوردی بۆ ماف، ئازادی و مافی چارەی خۆنوسین بەرامبەر كۆمەڵگای جیهـانی لە ئاسـتی نێـودەوڵەتی، پاشان هەمان مـاف و داواكـاری لەنـاوخۆ و حكـومەتی ناوەنـدی یەک لە دوای یەكـی عێراقـدا.كۆتایی جەنگی  دوەمی جیهانی و جەنگی سارد، داواكاری سەروەری یاسا بۆ ماف و ئۆتۆنۆمی و دامەزراندنی هەرێمێكی كوردی، وەک راستیەكی دیفـاكتۆ و پاراسـتنی لە ژێـر پێـوەرو رێسـا و یاسـای نێـودەڵەتی دامەزراندی پەرلەمان و دانـان و چەسـپاندی كۆمەڵێـک یاسـای نـاوخۆی بـۆ سەرپێخسـتنی سیسـتمی سیاسی لەم پارچەیەی كوردستان. ڕوخانی ڕژێمی سەدام وەک گەورەترین، هەڕەشە بۆ سـەر سـەرەوەی یاسا، خاک، ئاشتی و ئاسایشی تاكی كوردی ئەم كۆماڵگایە، هەموو ئەمانە زەمینەیەكی مێژوی كـرداری داواكاری سەوەری یاسا بوو لە هەرێمی كوردستان.

گەرچی ئەم توێژینەوەیە نایەوێت بەشێوەیەكی مێژوویی تیشک بخاتە سەر داواكاری سەروەری یاسا لە گۆمەڵگـــای كـــوردی، بەڵام مەبەســـتیەتی بنواڕێـــت و ئەو پرســـیارە بورژێنێـــت كە كۆماڵگـــای كوردی(باشور)، بە خەڵک و هێز و لایەنی سیاسی ئەگەر چـی پێشـتر لە نـاوخۆی عێـراق گەورەتـرین شوناسی بەش خوراوی ناو كایەی سیاسی عێراق بـون، زۆرتـرین ڕەخنەگـر و ململانـێكەری سیسـتمی پێشوی ڕژێمی عێراق لەمەڕ نەبونی یاسا و ڕێزنەگرتن لە سەروەری یاسا بوون، ئایا سەروەری یاسـا لە ژێر دەسەڵات و ئایدۆلۆژیای خۆیان لە هەرێمی كوردستان، وەک هەرێمێكی سیاسی دۆخی چۆنە؟.

«خەڵقە بەعزێ کەس لە ئینسانی چیان دیووە زەرەر،
وا هەمیشە مەشقی وەحشی و پەیڕەوی حەیوان ئەکەن»

ئەحمەد موختار جاف ١٨٩٨-١٩٣٥

## سەرەتا

سەروەری یاسا چەمکێکی بنەرەتییە، کە لەمرۆدا لایەنە جیاوازەکانی زانستی مرۆڤایەتی، یاسا، زانستی سیاسی، کۆمالّناسی و ئابوری گرتووەو جێگەی سەرنجی شارەزایان و لیکۆلّەرەوانیەتی. سەرەوەری یاسا، جۆرە گفتوگۆیەکە بە شیوەیەکی توند لە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای دەسەلأت لە سیستمی سیاسیدا. یەکێک لە تازەترین بابەتی مافە بنەرەتیەکان، ئەندێشەی سەروەری یاسایە. بەپێی ئەم ئەندێشەیە، تەواوی دەسەلأت و ئۆرگانی سیاسی، لەوانەش پەرلەمان کە خۆی یاسادانەرە پێویستە پەیوەستی ڕێسای یاسایی بن، بەتایبەت ڕێسای مافە بنەرەتیەکان، هیچ لەم دەسەلأت و ئۆرگانانە توانای سنورداركردنی ماف و ئازادی بنەڕەتی نیە، جگە لەچوارچێوەی ڕێسای تایبەت و ئالّۆزی پێشبینی کراو لە یاسادا، واتا سنوری ئەو دەسەلأتانەی کە یاسا دیاری کردون بۆ بەکار هێنانی ماف.

چەمکی سەروەری یاسا[١]، ئەگەرچی لە بنەرەتدا لە سیستمی یاسایی بەریتانیاوە وەرگیراوە. بەلأم لەهەمانکاتدا لە ولأتانی تری ئەوروپا، ئەم پرسە خاوەنی کۆمەلّێک چەمکی هاو واتایە، بەنمونە لە ئەلّمانیا "دەولّەتی یاسا"[٢] بەکاردێت، لەفەرەنسا چەمکی "دەولّەتی یاسامەند"[٣] بەکاردێت. لە کەلتوری رۆژئاوا سەروەری یاسا پەیوەندیەکی نزیکی بە باوەڕی ئازادی تاک هەیە کە ئەویش لەسەر بنەمای فەلسەفی "تاک گەرایی[٤]"یە.(حاجی زادە، ١٧٣ ، ٢٠١٦).

چەمکی سەروەری یاسا، دەولّەتی یاسا، یان دەولّەتی یاسامەند، لە ئەنجامی گەشەسەندنی مێژووی دورو درێژی یاسا و ئەندێشەی یاساییە. ئەم بیرۆکەیە یان ئەم تیۆریانە ئاوێنەدانەوەی ڕێگا جیاوازەکانی گەشەسەندنی یاساو تایبەتمەندیەکانی سیستمە یاساییە ناسراوەکانن، هەستی یاسای و سیاسی یان مەکتەبی فقهی فکری و کرداریەکانە. لەواندا بەتایبەت لە گەڕان بەدوای بنەمای چەمکی کە خۆیی پیشاندا لە:

١. سەرنج خستنە سەر پەیوەندی دەولّەت و یاسا، یان یاسا و سیاسەت.
٢. ئاڕاستەکردنی پاراستنی ماف و ئازادی مرۆڤ.
٣. سنورداركردنی رەفتاری خۆسەرانەی دەولّەت و ئۆرگانەکانی، بەتایبەتی لەبارودۆخی جیاواز.
٤. دلّنیایی دان بە گەشەسەندنی پایەدار و چەسپاندنی بەرقەراری یاسایی

---

[1] Rule of Law.
[2] Rechtsstaat.
[3] Etat de Droit
[4] Individualism

٥. تێپەرینی سەرکەوتوانە لە بارودۆخی لەناکاو قەیراناوی، هاتنە دەرەوە لە بنبەستی مێژوی بەر پەرچدانەوەی سیستمی سیاسی(Сергей Федорович, 5, 2015).

## تایبەتمەندی سەروەری یاسا

چەمکی سەروەری یاسا، لە زۆربەی سەرچاوەکاندا پێناسەی تایبەت و دیاری کراوی نیە، دیارە لە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی لە مێژوی خۆیدا بەسەر چەمک و سیاسەتی سەروەری یاسادا هاتوە. یاخود لە ژێر کاریگەری ئەو ژینگەیەی کە تێیدا بەکردار کراوە. لەبەر ئەوە هەوڵدراوە زیاتر تایبەتمەندییەکانی چەمکی سەروەری یاسا بخرێتە ڕو، وەک لە خودی پێناسەکەی دیارە ئەمەش تێروانینێکی هەڵاوێردکارییە بۆ خودی ئەم چەمکەیە. بنەمای سەروەری یاسا ناتوانێ وەک ڕێکارێک چاودێربێت بەسەر هەلومەرجی روکەشانەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانێ چاودێربێت بەسەر ناوەرۆکی یاساو سیاسەت و هێڵە گشتیەکاندا.

بەم شێوازە گرنگترین کاری سەروەری یاسا لە سیستمی یاسای ناوخۆی بریتیە لە هەرچی سنوردارکردنی هێزی گشتی دەوڵەت بەمەبەستی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان. لە سیستمی یاسای ناوخۆیدا گرنگترین دوێنەری سەروەری یاسا دەسەڵات دارانی دەوڵەتن، ئەوەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە پێویستە تەواوی دەسەڵات و جێبەجێکردنیان بە پێی یاسا بێت. بە واتایەکی تر خۆسەری و ئارەزومەندانە نەبێت.

سەرەوەری یاسا پەیکەرێکی پێوەری و سروشتیە کە لەسەر بنەمای ئەرکی سیستمی سیاسی و پاراستنی مافی تاک سنوردارکردنی دەسەڵاتە، لە خراپ بەکارهێنانی هێز، بەشێوەیەکی خۆسەرانە.

**بەگشتی دیارترین تایبەتمەندییەکانی چەمکی سەروەری یاسا لەئێستادا بریتیین لە:**

- یاسا دەبێت گشتی بێت.
- یاسا پێویستە پێچراو بە ئایندە بێت و ڕون و ڕاشکاو بێت.
- یاسا پێویستە بەشێوەیەکی ڕێژەی جێگیر بێت.
- یاسا پێویسەت بەشێوازێک بێت کە هاوڵاتیان بتوانن بۆ ئایندە بەرنامە ڕێژی بکەن.
- دەسەڵاتداران و ئەو کەس و لایەنانەی کە یاسا جێبەجێ دەکەن، پێویسەت لە بەرامبەر یاسا وەڵام گۆ بن.
- یاسا پێویستە هەماهەنگی بنەمای زاتی و سروشتی بێت.
- ئازادی دەسەڵاتی دادوەری دەبێت چەسپێنراو بێت.

- دادگاکان پێویستە دەسەڵاتی لیکۆڵینەوەیان لە پێداچونەوەی یاسایی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسا دانان، هەبێت.
- دادگاکان پێویستە بەشێوەیەکی ئاسان لەبەردەست بن بۆ هەمو لایەک.
- دادپەروەری سزایی پێویستە بەشێوەیەکی کاریگەر جێبەجێبکرێت.

بەشێوەیەکی گشتی لەئەمرۆدا سەروەری یاسا بە هەمو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ بەستراوەتەوە، لەلایەکی تر سەروەری یاسا بەستراوەتەوە بە جێبەجێکردنی یاسا دانراو و ئامادەکان. بۆیە سەقامگیری ڕێسای دانراو، گرنتی جێبەجێکردن و بەهای سەروەری یاسا دەخاتە ڕوو. (حاجی زادە، ١٧٤، ٢٠١٦).

## هەنگاوە کردارییەکان بۆ سەروەری یاسا

سەروەری یاسا، لە دنیای کرداری و ڕاستەقینەدا پێویستی بەکۆمەڵێ میکانزمی کرداری و فیزیکییە، بۆ هێنانە کایەی و بەرهەم هێنانی. وەک ئەوەی باوە ئامانجی سەروەری یاسا هێنانە ئاراو بەرهەمهێنانی پاراستنی مافی تاکە لە فەلسەفە ڕۆژئاوایەکەیدا. ئەمەش بوەتە باوەڕێکی جیهانی، بەجۆرێک وەک ڕێسایەک لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر کراوە. زۆرینەی وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەککگرتوەکان دانیان بەم مافەداناوە. بەواتایەکی تر، وڵاتێک لە دنیادا نابیندرێت دانی بە یاسای (جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ساڵی ١٩٤٨ و پەیماننامەی مافی شارستانی و سیاسی ساڵی ١٩٦٦)دا نەنابێت. بە تێڕوانین لەم پرنسیپ و یاسا جیهانیانە دەردەکەوێت کۆمەڵێ مەرج و ئەرک دەخاتە سەر وڵاتانی ئەندام، پەیوەست بەگرنتی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک، لە ناو کۆمەڵگاو و یاسا و سیاسەتی ناوخۆیدا، گەرچی یاسا شکێنی لەلایەن دەسەڵات و وڵاتانی نا دیموکرات و تۆتالیتاریش هەبێت، بەڵام ئەمە لەو بنەمایە کەم ناکاتەوە کە ماف و ئازادییەکانی تاک باوەڕ و بەهایەکی سەرەکی دیموکراسیەو سەروەری یاساش بێ ڕەچاوکردنی ماف و ئازادییەکانی تاک هیچ بەهایەکی نییە.

بەپێی جاڕنامەی دەلهی[٥] ١٩٥٩ لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی جەخت لێکراو لەساڵی ١٩٦١، سەروەری یاسا، بەواتای ئەرکی دەوڵەت لە کۆمەڵگایەکی ئازاد، دەبێت بەجۆرێک دابرێژرێت و بەکاربهێنرێت کە (پێگەو کەسایەتی مرۆڤ بە ناونیشانی تاک پارێزراو بێت، ئەم شکۆیە بەتەنها تایبەت کراو نییە بە مافی شارستانی و سیاسی، بەڵکو هێنانە کایەی کۆمەڵێ هەلومەرجی لەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردە، فێرکردن و فەرهەنگی، کە بۆ گەشەسەندنی تاک گرنگ و پێداویستین).

٥ کۆنفرانسی دەلهی یان اعلانی دلهی کۆبونەوەیەکی یاسایی، نێودەوڵەتی بوو لە ساڵی ١٩٥٩ بەسترا لە نیودەلهی هیندستان، کە تێدا ١٨٥ کەسایەتی لە دادوەر و پارێزەر و یاساناس لە ٥٣ وڵات لەسەر ئاستی دنیا لە ژێر چاودێری کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی پیاوانی یاسا ئامادە بون. بابەتی سەرەکی ئەم کۆنگرەیە بریتی بو لە «سەروەری یاسا لە کۆمەڵگای ئازاد» ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتنی بەدەست هێنا لەسەر دارشتنی بنەمای خۆی و ڕێکاری پێویست بۆ هێنانە کایەیی تەفسیر و مانای بنەرەتی لە چەمکی سەروەری یاسا. کۆنفرانسی دەلهی گەیشت بە سێ خاڵی گرنگ لە چەمکی سەروەری یاسا؛ ١ـ تاک خاوەنی کۆمەێک ماف و ئازادی بەرفراوانە، مافی ئەوەی هەیە داوا لە دەوڵەت بکات کە پارێزگاری ئەم ماف و ئازادیانە بێت. ٢- سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری بابەتێکی ڕەهایە و شیاوی گفتوگۆکردن نییە، لەگەڵیشیدا پیشەی پارێزەرایەتی، میکانیزمی پێویست و کاریگەر بۆ پارستنی ماف و ئازدییە بنەڕەتیەکان. ٣- هێنانە کایەی کۆمەڵێ هەلومەرجی لەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردەو فێرکردن و فەرهەنگی کە بۆ گەشەسەندنی تاک گرنگ و پێداویستین کە توانای هێنانەدی خواست و ئارەزوی ئەوان بێت.

بۆ هێنانەکایەی سەروەری یاسا لە بەرامبەر دەسەڵاتی هەمەجی و خۆسەرانە، پێویستی بەدامەزراندنی ئۆرگانێکە کە بتوانێت ڕۆڵی دەسەڵات ببینێت. دەسەڵاتێک ڕەنگدانەوەی ماف و ئازادی و خواستی تاک بێت، دەسەڵاتێک نەبێت سەرچاوە بگرێت لە هێزێک سەروتر لە ویستی تاک، یان دەسەڵاتێکی دەرەبەگایەتی و خێڵی و خێزانی و کۆمەڵایەتی، یاخود ئاینی. بۆ ئەمەش پێویستی بەگرێبەستێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە، کە ڕەنگدانەوەی پرنسیپ و ماف و ژینگە و ئازادیەکانی تاک بێت.

لێرەدا دەبێت چەمکی سەروەری یاسا لەگەڵ یاسا بۆ دەسەڵات جیابکرێتەوە. وەک ئاشکرایە سەروەری یاسا دەبێت لانی کەمی کەرامەت و ماف و ئازادی تاک بپارێزێت، بەڵام چەمکی یاسا بۆ دەسەڵات، برتییە لەکۆمەڵێک میکانیزمی یاسایی لە بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ پاراستنی کۆمەڵگا، لەو بەهاو پێوەر و ڕێسایانەی کە تاک و کۆمەڵگا لەسەری ڕێککەوتون. بەشێوەیەکی گشتی لە دنیای مۆدێرندا، لەلایەن دەوڵەتەوە بەکار دەهێنرێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و گرنگی پێدانە، یاسا بۆ دەسەڵات یان دەسەڵاتی یاسا، هیچ بەهاو نرخێکی نابێت و نامێنیت، بێ ڕەچاوکردنی سەروەری یاسا.

لێرەدا دەوڵەت و ئۆرگانەکانی دەبێ گرەنتیکەری سەروەری یاسا بن، واتا سەروەری یاسا سەروترە لە سیستمی سیاسی. وەک ئاشکرایە دەستورو یاسا هەنگاوێکی گرنگە سیستمی سیاسی بۆ دەوڵەت و پاراستنی سەروەری یاسایە. لە دونیای ئەمڕۆدا کەمن ئەو وڵاتانەی دەستورێکی نوسراویان نەبێت، یاخود لانی کەم یاسا لە هێزێک و باوەڕێکی سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەی نەگرتبێت. واتە دەستورێکی عورفی. لەنمونەی ئەوەی کەلە بەریتانیا دەبینرێت و دەستوری نوسراویان نییە.

دەستور لەسەرئەنجامی مافی تاک سەچاوە دەگرێت. بەڵام پێویستە داڕشتنی دەستور و شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ حکومەت واتە بۆ هەرسێ دەسەڵاتەکانی (جێ بەجێ کردن، یاسادانان و دادوەری)، مەرجە لەسەر بنەمای تایبەتمەندیەکانی سەروەری یاسا بێت، کە لە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بەمانایەکی تر کۆی هەموو ئەم هەیکەلە پەیوەست بە سەروەری یاساو تایبەتمەندیەکانی بێت. لەبنەمادا دەستور بەواتای نفوزکردنە ناو ئەو یاسایانەی کە لە دوای خۆی دێتە کایەوە، مەرجە لەسەر بنەماکان و هێڵەگشتیەکان بێت کە لەدەستورەکەدا دانراون، ئەویش سەروەری یاساو بەهاکانیەتی، بە پێچەوانەوە هیچ بەهایەکی نابێت.

## هەرێمی کوردستان و سەروەری یاسا

بنەمای پێکهێنانی هەرێمی کوردستان، وەک واقیعێکی دیفاکتۆ لەعێراق لەژێر چەترو سایەیی بڕیاری ٦٨٨ی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان هاتە ئاراوە. ئەو نەهامەتی و ناسۆری و کۆمەڵکوژیەی بەسەر تاک و کۆمەڵگای کوردی هات لە لایەن ڕژێمی پێشوی عێراق، لە ئەنجامی ڕێزنەگرتنی سەروەری یاسا و نەپاراستنی ماف و ئازادیەکانی تاکی ئەم کۆمەڵگایە بوو، خاڵی سۆزی دروستکردو بووە هۆی پاراستنی ئەم هەرێمە، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە خرایە بەر یاساو پشگیری یاسای نێودەوڵەتی.

ئەنجومەنی شۆڕش لە هەرێمی کوردستان ناوهێنراو بە بەرەی کوردستانی، کە لە هێزە سیاسی و کەمە نەتەوایەتیەکان پێکهاتبوو، بڕیار درا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسایەک بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی سیاسی کەببێتە سەرچاوەی یاسادانان و سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا گواستنەوەی مەشروعیەتی شۆڕشگێڕی بو بۆ دەسەڵاتی یاسا دانان، پاشان لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجام دراو ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان پێک هێنرا. دواتر یاسای ژمارە ١ی ساڵی ١٩٩٢ بووە سەرچاوەی سەرەکی یاسادانان و سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، کەلەبنەمادا سەرچاوەو هێزی یاساکە لەمەشروعیەتێکی شۆڕشگێرییەوە سەرچاوەی گرتبو. لێرە بەدواوە حکومەت و دەسەڵاتی یاسای سەرەڕای ناکۆکی و شەڕی ناوخۆی لەم هەرێمەدا بۆ ماوەی یەک دەیە توانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەردەوام بێت.

پاش ڕوخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و پێک هێنانی ئەنجومەنی ڕاگوزەر بۆ پێکهێنانی سیستمی سیاسی لە عێراق و دانانی دەستور بۆ سیستمی سیاسی، سەرئەنجام لەهەڵبژاردنێکی گشتی (دەستوری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥)، بوە بنەما بۆ یاساو سیستمی سیاسی لە عێراقی فیدراڵدا. لێرەدا دەستور یەکێکە لەڕێکارەکانی پێکهێنانی سیستمی سیاسی و گوزەری دیموکراسی و هەنگاو بۆ پاراستنی سەروەری یاسا. بە پێی دەستوری عێراقی مادەی ١١٧ی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی یاسایی دانی پێدانراوە، لەمادەی ١٢٠دا هاتوە "هەرێم دەستورێک بۆ خۆی دادەنێت، تیایدا پەیکەری دەسەڵاتەکانی هەرێم و تایبەتمەندییەکانی و میکانیزمەکانی و مومارەسەکردنی ئەو تایبەتمەندیانە دیاری دەکات، بەو مەرجەی ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەو دەستورەدا". واتە دەبێت دەستوری ناوخۆی و یاساو سیستمی حکومڕانی و پەیکەری سیاسی هەرێم، لەگەڵ دەستوری عێراقی فیدراڵی بگونجێت. واتە نابێت هیچ یاسایەکی هەرێم، پێچەوانەی دەستوری فیدرالی بێت.

## دەستور، ئەنجومەنی یاسادانان و سەروەری یاسا

ئەرکی دەستور ڕێکخستن، داڕشتن، بنەما، ڕێسا و هێڵە گشتیەکانە بۆ سیستمی حکومڕانی، بەجۆرێک لە جۆرەکان نفوزکردنە ناو پرۆسەو دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان و ڕەفتاری دەسەڵاتی جێبەجێکردنە. واتە پێویستە پێکهاتەو جوڵەی ئەم دەسەڵات و دامەزراوانە بەو شێوازەبێت کە لە بنەماکانی دەستوردا دیاریکراوە. خودی دەستوریش پێویستە لەسەر بنەمای سەروەری یاسا و بنەماکانی دابڕێژرێت و بێتەکایەوە. ئەوەی جێی سەرنجە هەرێمی کوردستان سەرەرای تێپەربونی ٣٠ ساڵ بەسەر تەمەنی حکومڕانیدا، بەڵام تائێستا خاوەنی دەستوری ناوخۆیی نییە، ئەمەش وایکردوە شێوەی سیستمی سیاسی و بنەمای دامەزراندنی و جیاکاردنەوەی دەسەڵاتەکان و باڵانس و چوارچێوەی دەسەڵاتەکان، تیایدا جێگیرو ڕون نیە. ئەمەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ حکومڕانییەکی خۆسەپێنەر، کە سەروەری یاسا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. گەرچی ڕەشنوسی دەستوری هەرێم چەندجارێک خراوەتە بەرباس و لەپەرلەمانیش خوێندنەوەی یاسایی بۆ کراوە، بەڵام تائێستا بەشێوەیەکی گشتی ئەم دەستورە چوارچێوەی گشتی و ڕێکارە یاساییەکانی خۆی تەواو نەکردوەو لایەنەکانیش بەتەواوی لەبارەیەوە ڕێکنەکەوتون، تا بخرێتە ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە. کەواتە لە هەرێم تائێستا دەستورنەبوەتە بنەمای یاسا و حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان.

گرنگی ڕۆڵی دەستور لە داڕشتنی یاسای شارستانی، بەگوێرەی پێوەرە یاساییە نێودەڵەتیەکان، جاڕنامەی مافی مرۆڤ و سەروەریە یاساییەکان هەنگاوێکی کرداری و پێویستی هەمو کیان و دەوڵەتێکە، لەلایەکی تر بونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ بۆ گرنتیدان و ڕەنگدانەوەی بنەما دەستوریەکان لەیاسا تایبەتەکان یەکێکە لەبنەماکانی سەروەری یاسا، بۆیە لە جاڕنامەی دەلهیدا هاتوە:

- مادەی یەکەم: ئەرکی یاسادانەر لە کۆمەڵگای ئازاد، لە سایەی سەروەری یاسا، هێنانەکایەی هەلومەرجێکە کە کەرامەتی مرۆڤ بەناونیشانی تاک بپارێزێت. ئەم شکۆیە تەنها تایبەت کراو بە مافی شارستانی و سیاسی نییە، بەڵکو هێنانە کایەیی کۆمەڵێک هەلومەرجی لەباری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، پەروەردە، فێرکردن و فەرهەنگییە بۆ گەشەسەندنی تاک، گرنگ و پێویستن.
- مادەی دووەم:

١. لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتی ئەوانەی هێشتا بەشێوازێکی باوی یاسایی، یاسادانانی دیموکراسیان نەچەسپاندوە، پێویستە کۆمەڵێک سنور بەپێی مادەی سێیەمی ئەم یاسایە لە دەستوریاندا جێگیر بکەن، گرنتی بونی ئەو بنەمایانە لە لایەن دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ پارێزراو بێت؛ لە هەندێ کۆمەڵگای تر پێوەرە دیاری کراوەکانی ڕەفتاری یاسادانان ئەتوانی

گرنتیکەری هەمان سنور بێت کە دیاری کراوە، پارێزەرێکیش ئەرک و ویستی پاراستنی ئەم پێوەر و ڕەفتارە ستانداردانەیە لە کۆمەڵگاکەی بێ چاوپۆشی لەوەی کە ئابلۆقەی ئەو بنەمایانە ماهیەتێکی سیاسی هەبێت.

٢. بۆ جێبەجێکردنی بنەمای دەستنیشانکراو لە مادەی یەکەم، دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لە ڕێگەی ڕێسا، یاخود ڕێکەوتنامەی دەستوری و بنەڕەتی پێویستە:

- بەشێوازێک دەسەڵاتی یاسادانان ڕێک بخرێت، تیایدا خەڵک بێ جیاکاری نێوانیان لەڕێگەی خۆیان، یان نوێنەرەکانیان ڕۆڵیان هەبێت لە بڕیاردان لە ناوەڕۆکی یاساکان.
- سەرپشککردنی ئەنجومەنی یاسادانان بە ڕەچاوکردنی ئەو بنەمایانەی لە مادەی یەکەمی ئەم یاسایە هاتووە، دەسەڵاتێکی حەصری بۆ دەرکردنی بنەماو ڕێسای گشتی بە پێی جیاکاری پرۆژە دریژکارییەکان.
- لە لایەن نوێنەرانی خەڵک، کۆنترۆڵ و چاودێری یاساکان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن بابەتێکی پێویست و گرنگە.
- سزا ڕێکخراوە دادوەریەکان پێویستە جێبەجێ بکرێت، بەپێی بنەمای ئەم بەندە، لەگەڵ پاراستنی تاک لەو دەستدێژیانەی کەدەکرێتە سەر مافەکانی. بە پێی مادەی سێهەمی ئەم جاڕنامەیە، نابێت ئەو گرنتیانەی کە لەدەستوردا هاتوە سنوردارو لاواز بکرێت، بەتایبەت بەمیکانیزمێک لەلایەن دەسەڵاتێکی رەمزی دادوەری.

بەتێڕوانین بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو بنەماو پرنسیپانەی کە بۆ سەروەری یاسا هاتوە، دەردەکەوێت کە داڕشتنی دەستور، بنەماو رۆحێکی یاسایی دەدات بە یاسا بابەتیەکان، بەڵام نەبونی دەستور لەهەرێمی کوردستان ئەو مەترسیە تۆخ دەکاتەوە کە بنەمای داڕشتنی یاساکان لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان خاڵیە لە مەرجەعێکی یاسایی و گەڕانەوە بۆ پرنسیپ و بنەما یاساییە دیموکراتیە بەهێزەکان، ئەمەش وادەکات یاسا بکەوێتە ژێر کەش و هەواو ئەو ژینگە حکومڕانیەی کە لەو کاتەدا زاڵەو دەسەڵاتی رەهاو بێ چاودێری هەیە، کە ئەمەش سەروەری یاسا دەخاتە مەترسیەوە. لەلایەکی تر دەسەڵاتی یاسادانان لەم هەرێمەدا بریتیە لە پەرلەمانی کوردستان، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ وەک یەکەم خولی پەرلەمان دامەزراوە تا ئێستا کە خولی پێنجەم دەکات بۆ دەرکردنی یاسا و هێزی یاساکەی پشت بەو شەرعیەتە شۆڕشگێریە دەبەستێت کە لە بەهاری ١٩٩٢ لە لایەن بەرەی کوردستانی پێی دراوە. واتە «یاسای ژمارە ١ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ١٩٩٢»، ئەمەش خۆی لە خۆیدا پرۆسەی یاسادانان توشی دژیەکی (پارادۆکس) دەکات لە هەرێمی کوردستان، چونکە لە لایەک هەرێمی کوردستان دانی بە دەستوری عێراقدا ناوە لە لایەکی تر سەرجەم یاسایانەی دەریدەکات دەبێت پاڵپشت و هێزێکی دەستوری هەبێت کە ئەویش دەستوری عێراقە. بۆ نمونە هەر یاسایەک لە ئەنجومەنی نوێنەران عێراق

دەردەکرێت پاڵپشت بە مادەی ٦١ دەستوری عێراقە، لێرەدا کاتێک ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەستێت بە دەرکردنی یاسایەک پێویستە بگەڕێتەوە بۆ خودی دەستورو ئەو بنەما و هێڵە گشتیانەی کە دەستور دیاری کردوە، ئەگەر هاتوو یاسایەک پێچەوانەی دەستور دەربکرێت ئەوا دادگای باڵای فیدراڵی دەسەڵاتی باڵای هەیە بۆ پێداچونەوە لەو یاسایانەی کە پابەندیەکی دەستوری نییە، بەڵام هەر یاسایەک لە هەرێمی کوردستان دەردەکرێت پاڵپشت بە مادەی ٥٦ی یاسای ژمارە ١ی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق ١٩٩٢، کاتێک تێڕوانین بۆ یاساکە دەکرێت دەبینین هیچ بنەما و هێڵێکی گشتی دیاری نەکردوە بۆ دەرچواندنی یاساکە، لەوانەش بنەمای دیموکراسی، باس کردن لە ماف و ئازادیەکان، زۆر بنەمای دیکەش. کە بۆ دەرچواندنی یاسا پێویستن، جۆرێکن لە بنەمای بونیادی، ڕێسایەکی سەپێنراو و پاڵپشتیەکی نێودەوڵەتی هەیە، وەک ئەوەی لە جاڕنامە نێودەوڵەتیەکاندا هاتوە. بەنمونە ئەگەر هاتو یاسایەک پێچەوانەی ئەو بنەمایانە دەرچوێنرێت لەهەرێمی کوردستان مەرجەعێکی دادوەری باڵا بونی نییە، تاوەکو دەسەڵاتی هەبێت بەسەر ڕەتکردنەوەو گەڕانەوەی یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان، تەنها سەرۆکی هەرێم بە چاودێر دانراوە بەسەر یاساکان کە لە پەرلەمان دەردەچن لە کاتی گەڕانەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان بۆ جاری دووەم ناچێتەوە بەردەستی سەرۆکی هەرێم، وەک ئەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتوە.

لە هەرێمی کوردستاندا تەنها ئەنجومەنی شورای هەرێم هەیە، ئەویش بەگوێرەی یاسای ئەنجومەنی شورا ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠٠٨ دەسەڵاتێکی ڕاوێژکاری هەیە، واتە توانای ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانەی نییە کە پاپەندیەکی دەستوری پرنسیپی ماف و ئازادیەکانی نییە. خۆ ئەگەر هاتو هێزی دەرکردنی یاسا لە هەرێمی کوردستان هێزێکی دەستوریی نەبێت، جێی خۆیەتی تاکی ئەم هەرێمە ئەو پرساندنە بکاتە بنەمای دەرکردنی یاسا لەم هەرێمەدا لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. دادگایەکی باڵای سەربەخۆ لەکوێی پێداچونەوە و بەرپەچدانەوەی ئەو یاسایانە دەکات کە پابەندیەکی دەستوری، ماف، ئازادی و دیموکرسی نییە. بۆ سەروەری یاسا پشت بە چ بنەماو پێوەرێک دەگیرێت، ئەمەش پرسێکە پەیوەندی بەسەروەری یاساوە هەیە.

## دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەروەری یاسا

سەروەری یاسا، زامنی گرنتیدانە لە رێگری کردنی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، لەهەمان کاتیشدا گرنتییە بۆ بونی دەوڵەتێکی کارامەو حکومڕانیەکی سەرکەوتو، کە سەقامگیری یاسا، هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابوری مامناوەند بۆ هاوڵاتیانی فەراهەم بکات. لە هەلومەرجی مۆدێرندا بەتایبەت لە کۆمەڵگایەک کە دەوڵەت ئەرکی چاکەو خزمەتگوزاری گشتی لە ئەستۆ دەگرێت، دەرکەوتوە کە یاسادانەران هەندێک دەسەڵاتی یاسادانانیان بەخشیوەتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ دانانی رێسایەک کە تابعیەتی تەشریعی هەبێت، ئەوەش بە هەمان تایبەتمەندی سەوەری یاسا بە پێویست دەزانن. بەڵام پێدانی جۆرێک لەم دەسەڵاتە بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت زۆر سنورداربێت، هاوکات ئامانجی ئەم جۆرە سەرپشکردنە رونبکرێتەوە، رەوشێک کە لەرێگەی ئەوەوە بەکار دەبرێت دەبێت پێشبینی بکرێت، پێدانی جۆرێک لەم دەسەڵاتانە بەهیچ جۆرێک مافە بنەڕەتیەکانی تاک و سەروەری ڕەتناکاتەوە.

پەیوەست بەهەرێمی کوردستان دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتیە لە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بەپێی یاسای ژمارە ١ساڵی ٢٠٠٥ مادەی یەکەم هاتوە کە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی باڵای راپەڕاندنیشە لە هەرێم، بەسەرنجدان لە خودی یاساکە کۆمەڵێک دەسەڵاتی شۆرکراوەن کەهیچ گرفتێک نیە کە لەبنەڕەتدا پێویستە ئەم دەسەڵاتانە لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانەوە پیادە بکرێت، لەلایەکی تر ئەوەی جێی تێڕوانینە لەمادەی دەیەم برگەی ٥ هاتووە: "کاتێ هەرێمی کوردستان و سیستمە سیاسیەکەی، یان ئاسایشی گشتی هەرێم، یان دامودەزگا دەستوریەکانی بکەونە مەترسیەکی ئەوتۆوە، کە هەڕەشە لەبونی بکات، ئەنجومەنی نیشتمانی نەتوانێ کۆبێتەوە، لەو بارەدا سەرۆکی هەرێم دوای ڕاوێژ و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بڕیارگەلێک دەردەچوێنێ کە هێزی یاسایی هەیە، بەمەرجێ ئەو بڕیارانە لەیەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمدا بخرێنە بەردەمی، خۆ ئەگەر هاتو نەخرایە بەردەمی، یان خرایە بەردەمی و ئەنجومەن پەسەندی نەکرد ئەوکات سیفەتی یاسایی نامێنێت".

لەڕاستیدا شۆڕکردنەوەی ئەم دەسەڵاتانە بۆ سەرۆکی هەرێم، یان بە مانایەکی تر دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەو رەهایە لەنەبونی دەستوردا لەم هەرێمە سەروەری یاسا دەخاتە مەترسیەوە، چونکە ئەو جۆرە لە دەسەڵات و چەمکانەی کە مادەی دەیەم برگەی پێنجدا هاتووە کۆمەڵە چەمکێکی ڕەهان و بەرەهای ناوهێنراون و بنەمایەکی یاسایی تۆکمەیان نیە، کە بەباشی دەستنیشانی بکات چ شتێک هەڕەشەیە بۆ سەر سەروەری و ئاسایشی هەرێم، ئەو یاسایانەش کە تایبەت بە ئەنجومەنی ئاسایشە،

یان هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی هەرێم، لەوانەش یاسای تیرۆر، سیخوڕی، بەشێوەیەکی زۆر ڕەها هاتون، لەمبارەیەوە یاساکان چەندجارێک لەژێر فشاری ڕای گشتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ڕاگیراون و بەکارخراونەتەوە، (یاسای تیرۆر ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٦)، ناتوانن بەباشی دەست نیشان بکەن کە سیخوڕەکان کێن بۆ ئەوەی بەباشی ماف و ئازادیەکانی تاک و ئازادی ڕادەربڕینەکان بەرتەسک نەکرێتەوە. ئەم بابەتەش بەباشی لەدۆسیەی سزادانی چالاکوانانی مەدەنی بادینانیدا بەدیکرا، بابەتەکەش کاردانەوەی جیهانی و ناوخۆی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. لەلایەکی تر دانانی یاسا بەڕاوێژو ڕێککەوتن ناکرێت و نایەتەدی، بەتەنها وەک لە مادەکەدا هاتوە، دیاریش نەکراوە، تا چی کاتێک ئەنجومەنی نیشتمانی ناتوانێت کۆبێتەوە، بۆیە سەرپشکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ دەرچواندنی یاسا، دەبێت بەباریکترین ڕێوشوێنی یاسای و پاڵاوتەکردن تێپەڕێت، پێویستیشە دادگایەکی سەربەخۆ هەبێت بۆ ڕاستاندن، یان ڕەت کردنەوەی ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاساییان هەیە، وەک چاودێر و گرنتیدان بۆ سەروەری یاسا، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لەو بارودۆخەدا کە وەک لەمادەی دەیەم بڕگەی پێنجەم یاساکە هاتوە، هیچ دامەزراوەیەکی تر بە تایبەت (دادگایەکی سەبەخۆ)، نەکراوە بە چاودێر بەسەر بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم لە بۆشای پەرلەماندا. هەموو ئەو بڕیارانەش بەستراوەتەوە بە کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتمانی، خودی ئەنجومەنەکەش دیار نییە تا چی وادەیەک ئەتوانێ کۆ نەبێتەوە. بۆ نمونە؛ لەکاتی هەموارکردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستاندا، ناکۆکی کەوتە نێوان لایەنە سیاسیەکانی هەرێم لەناو پەرلەمان، لەسەر چۆنێتی هەموارو دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەمەش پەککەوتنی پەرلەمانی بەدوای خۆی هێنا. داخستنی پەرلەمان و ڕێگرتن لە وەزیرەکانی گۆڕان لەلایەن حزب و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نمونەی بارزی حکومڕانی خۆسەری و بەکارهێنانی دەسەڵاتی بێمەرجی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لەماوەی ڕابردودا لەم هەرێمەدا بەدیکراوە. ئەمەش خۆی لەنەبونی سەروەری یاسا دەبینێتەوە، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەروەری یاسا ڕێگری کردنە لە حکومڕانی خۆسەری و هەمەجیانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

لەلایەکی تر بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٠٦ لە ٢٠١٧/٦/٨)، تایبەت بەپرسی ڕیفراندۆم لە بۆشای دەسەڵاتی پەرلەمان، ڕەهایی لە دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم دەردەخات لە مادەی دەیەم، بڕگەی پێنجەمدا هاتوە، چونکە هەمو ئەو پرس و بابەتانەی کە ڕەهەندێکی نیشتمانیان هەیە پێویستە لە پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لێ بدرێت پاڵپشت بەمادەی ٥٦ بڕگەی ٢، لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق، ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢. لەکاتێکدا لە مادەی دەیەم بڕگەی پێنجەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە لە بۆشای پەرلەمان و نەتوانینی کۆبونەوەکانی سەرۆکی هەرێم بەڕاوێژو ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان بڕیار دەردەچوێنێت، بۆ ئەوەی هێزی یاسای هەبێت، بەڵام لەبڕیاری

سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١٠٦ لە ٦/٨/ ٢٠١٧) هیچ جۆرە ڕاوێژێک بە سەرۆکی پەرلەمانی خولی چوارەم نەکرا بەڵکو نمونەی هەژمونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بو، بەسەر دەسەڵاتەکانی تردا بەتایەبەت پەرلەمان.

## دەسەڵاتی دادوەری و سەروەری یاسا

بەهێزکردنی سەروەری یاسا هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ گوزەرکردن بەرەو دیموکراسی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. سەربەخۆی و بێلایەنی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان، بەپێوەرو بنەمایەکی نێودەوڵەتی لێکدەدرێتەوە کەلە زۆربەی دەستوری ناوخۆی وڵاتان و پەیماننامەی نێودەوڵەتی و جارنامەی مافەکانی مرۆڤ بەبنەما وەرگیراوە، زۆربەی وڵاتانیش دانیان پێداناوە، سەربەخۆی دادوەریش جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

هۆکاری بەهای سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەری بە باشی ڕونە کە ئەویش ئامانج لێی گەشتن بە دادپەروەری ڕاستەقینەی نێوان ڕکابەرەکانە بێلایەنگری دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان. دادگایەک کە لەکێشەکاندا خۆی هاوپشک بێت، یان بە هۆکاری مادی، یان سیاسی لاینگر بێت، ئەوکات ناتوانێ بینراو و کاریگەر بێت لە هێنانە دی دادپەوەری. لە کێشە گشتیەکاندا دادگا دەبێت ڕۆڵی بێلایەن ببینێ لە نێوان ڕکابەرەکاندا، بۆ ناسینی خراپ بەکارهێنانی هێز لە لایەن ئەو دەسەڵاتەی کە هێزی لە دەستدایە.(Bogdandy, Wolfrum1, 20, 2012). یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی سەروەری یاسایە، برتییە لە دەسەڵاتی سەربەخۆی  دادوەری و دادگاکان، دەبێت ڕۆڵێکی خێراو بەردەست و گرنگ بگێڕن بۆ پارستنی دادوەری کۆمەڵایەتی و کەرامەتی تاک، چونکە لە پایە گرنگەکانی سەروەری یاسایە.

دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەجیاکاری دەسەڵاتەکاندا وەک دەسەڵاتێک ناسێنراوە، بەڵام بە تێڕوانین لەڕۆڵ کاریگەری و ئەو یاسایەی کە ئەم دەسەڵاتە کاری لەسەر دەکات (یاسای ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧)، تەنها ئاماژەیەک لە مادەی پێنجی یاساکە ئەویش ئەوەیە کە (دادگاکان دەسەڵاتیان بەسەر هەمو کەسێکی سروشتی و مەعنەویدا هەیە، تا دەگاتە حکومەت، بە تایبەت لەیەکلاکردنەوەی هەمو کێشەو تاوانەکاندا). لە ڕاستیدا ئەم مادەیە بۆ سەروەری یاسا گرنگە بەڵام ئەکرێت ئەوە بپرسرێت ئایا دەسەڵاتی دادوەری چۆن چاودێر دەبێت بەسەر ئەو یاساو ڕێسایەنەی کە لە پەرلەمان دەردەکرێن لەسەر پێشنیاری خودی پەرلەمان، وەک دەسەڵاتی یاسادان یان ئەو یاسایانەی کە لەسەر پێشنیاری حکومەت، واتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاڕاستە دەکرێن و دەبنە تەشریع، دواجار بۆ چەسپاندنی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان.

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا گەر یاسایەک پێچەوانەی دادی کۆمەڵایەتی و مافی تاک و پاراستنی ئازادی بێت، دادگاکان چۆن دەتوانن پەیڕەوی یاسا دانراوەکە نەبن؟. لێرەدا دادگاو دەسەڵاتی دادوەری لەنێوان بەرداشی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و دەسەڵاتی یاسادانان دایە، لە کاتێکدا خۆشی خاوەنی دەسەڵاتە، کە بۆ سەروەری یاسا گرنگە. بۆیە گرنگە سەرەڕای چەسپاندنی یاساکان، دەسەڵاتی دادوەری بتوانێت چاودێر بێت بەسەر ئەو یاساو بڕیارانەی کە لە پەرلەمان، یان لە سەرۆکایەتی هەرێم دەردەچن و هێزێکی یاساییان هەیە، بۆ هەڵاوێرکردنیان و پێداچونەوەیان بە پێی بنەما دەستوری، ڕێسا، یاسای نێودەڵەتیە باوەڕپێکراوەکان و ستانداردەکان تا بتوانێت ماف و ئازادی، بەرەوپێشچونی گەشەی زاتی تاکی تێداپارێزاو بێت، کە لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی سەروەری یاسان، ئەویش بە نوسین و داڕشتنی دەستورو هەموارکردنی یاسای دەسەڵاتی دادوەریی و شۆڕکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە بۆ دەسەڵاتی دادەوەری لە هەرێمی کوردستان، ئەویش بەدامەزراندنی دادگایەکی دەستوری سەربەخۆ.

لە لایەکی ترەوە، وەک ئەوەی لە مادەی دووەم بڕگەی یەکەم لە جاڕنامەی دەلهیدا هاتووە:

"لەزۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتی ئەوانەی هێشتا بەشێوازێکی باوی یاسایی، یاسادانانی دیموکراسیان نەچەسپاندوە، پێویستە کۆمەڵێک سنور بەپێی مادەی سێهەمی ئەم یاسایە لە دەستوریاندا جێگیر بکەن. گرنتی بونی ئەو بنەمایانە لەلایەن دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ پارێزراو بێت؛ لە هەندێ کۆمەڵگای تر پێوەرە دیاری کراوەکانی ڕەفتاری یاسادانان ئەتوانی گرنتیگەری هەمان سنور بێت، کە دیاری کراوە، پارێزەرێکیش ئەرک و ویستی پاراستنی ئەم پێوەر و ڕەفتارە ستانداردانەیە لە کۆمەڵگاکەی بێ چاوپۆشی لەوەی کە ئابلۆقەی ئەو بنەمایانە ماهیەتێکی سیاسی هەبێت".

لێرەدا بۆ سەروەری یاسا ڕێوشوێنەکانی ڕۆڵی پارێزەر بەگرنگ لەقەڵەم دەدرێت، بەپێی یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٧ ساڵی ١٩٩٩ هەموارکراو مادەی دوەمدا هاتوە "پارێزەرایەتی رەگەزێکە لەرەگەزەکانی دادپەروەری، چونکە دادگایەکی بەسەرپێ و وەستاوە"[٦]، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە سەندیکای پارێزەران بەپێی پێویست و چاوەڕوانکراو لێی نەیتوانیوە ڕۆڵ بگێرێت بۆ سەروەری یاسا، چی لە ناوخۆ، چی لەسەر ئاستی دەرەوەی خۆی، چونکە لە لایەک ئەم سەندیکایە هەرچوار ساڵ جارێک پێویستی بە خۆ نوێکردنەوە، بەستنی کۆنگرە و هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاو سەرۆک و ئەندامانی لقی پارێزەران لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام زیاتر لە سێ ساڵە ئەم سەندیکایە، وادەی هەڵبژاردنی تێپەڕیوە تائێستا نەیتوانیوە خۆی نوێ بکاتەوەو سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەن و لقەکانی هەڵبژێرێت، ئەمەش زۆرێک لە ئەندامانی ئەم سەندیکایە لە ماوەی ڕابردودا لەرێگەی بەیاننامەکانیانەوە بۆ دەستێوەردانی حزبی دەگێڕنەوە، کە

[٦]. القضاء الواقف

ناهێڵن ئەم چینە کە ڕەگەزێکی سەرەکین بۆ سەروەری یاسا، هەستن بە کار و ڕۆڵی خۆیان بۆ پاڵپشی لەسەر پێخستنی سەروەری یاسا لەم هەرێمەدا. لەلایەکی تر، خودی ئەم سەندیکایەو ئەندامانی گیرۆدەن بەدەست نەڕۆشتنی کاروباری ئەندامەکانیان لەدادگاکان و فەرمانگەو دامودەزگا ئەمنی و حکومییەکان، چەندین نوسراو لەلایەن خودی ئەم سەندیکایەوە ئاڕاستەی دەسەڵاتی دادوەری و دادگاکان، وەزارەتەکان، فەرمانگەکان کراوە بۆ ڕێزگرتن لە یاساو پیشەی پارێزەرایەتی، ڕێگەدان بۆ بەرگریکردنی لە کارو پیشەی پارێزەرایەتی بەگوێرەی پێوەرە یاساییە ناوخۆی و نێودەوڵەتیەکان، بەڵام ڕۆڵی ئەم دامەزراوەیە لەئاستێکی لاوازدایە لە خۆ سەربەخۆکردنی خۆی و دورخستنەوەی دەستی حزب لە کایە یاسی و کارگێریەکەی. خۆ ئەگەر هاتو ڕەوش و ڕۆڵی پارێزەر بەوجۆرە بێت لەم هەرێمە، ئەوکات پارێزەران ناتوانن ببنە ڕەگەزێک بۆ سەروەری یاسا و بەرقەرارکردنی.

لەهەرێمی کوردستان ڕۆڵی دادگاو دەسەڵاتی دادوەری لە ئاستێکی لاوازدایە، لەلایەک بەهۆی گوێپێنەدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە فەرمان و بڕیار دادوەرو دادگاکان، بەتایبەت لەو دۆسیانەی کە ڕەهەندو ڕەگەزێکی تاوانکاریان تێدایە، ئەویش بە داڵدەدانی تۆمەتباران و خاوکردنەوەی ڕێکاری خێرا بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکان، گوێنەدان بە ئازادکردنی تۆمەتباران لەو تۆمەتانە کە ڕەگەزی تاوانیان تێدانیە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ نمونە بڕیاری دادگای تاوانەکانی دهۆک، لە دۆسیەی ژمارە (١٠٨/ ت/ ٢٠٢٠)، تایبەت بەئازادکردنی تۆمەتبار (بەدل عەبدولباقی ئەبابەکر)، لە بنیاد و پایەی بڕیارەکە هاتووە کە (کردەوەی تۆمەتبار ناچێتە چوارچێوەی هیچ مادەیەکی تاوانکاری بەڵکو بانگەشەیەکی ئاشتیانە بۆ خۆپیشاندانی ئاشتیانە بۆ ماف و گوزەرانی فەرمانبەران و پێشمەرگە کە لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بانگەشەی بۆ کردوە، هیچ پێچەوانەی سیستمی گشتی، خراپەکاری و توندوتیژی نییە، بەڵکو پاڵپشتیەکی دەستوری هەیە بەگوێرەی مادە ٣٨ لە دەستوری عێراقی فیدراڵ). بەڵام ئەوەی جێی سەرنج تۆمەتباری ناوبراو تا ئێستا ئازاد نەکراوە بەڵکو بە بەهانەی دیکەو تۆمەتی دیکە لەماوەی ڕاگرتن هێڵراونەتەوە.

لەلایەکی تر، کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دادگاکانەوە لەڕێگەی فشاری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەنگاوەکانی سەربەخۆی دادوەری و دادگاکانی خستوەتە ژێر پرسیارەوە. بۆنمونە لەدۆسیەی دەستگیرکردنی چالاکەوانان و ڕۆژنامەنوسانی بادینان، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ شوباتی ٢٠٢١ لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسیدا، پەیامنێری کەناڵی سپێدە پرسیارێکی لەبارەی دۆسیەی دەستگیرکراوانی بادینان بەم جۆرە لەسەرۆکی حکومەت کرد:" ژمارەیەکی زۆر لە چالاکوانان بە ئێستاشەوە لە زینداندان، تەنانەت دەزگا ئەمنیەکان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەسەرنادەن، ڕۆژنامەنوسان کاتێک دەگیرێن لە هەندێ لە دادگاکان بە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە کاتێکدا یاسای کاری ڕۆژنامەنوسیمان هەیە، کۆمێنتی بەڕێزتان چیە لەسەر ئەم

پرسە؟". لە وەڵامدا مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: "پێش هەموو شتێک من ڕێزێکی زۆرم بۆ ڕۆژنامەنوس و پیشەی ڕۆژنامەنوسی هەیە، وە لەگەڵ ئازادی ڕادەربڕینم بە هەموو جۆرێکەوە، بە هیچ شێوەیەک ڕێگری ئەوە نین کە ڕەخنە لە دەسەلات یان لە لایەنێک بگیرێت، هەر بۆ ئەو مەبەستەش پێم وایە پێش هەمو کەسێک پێویستە ڕۆژنامەنوسان خۆیان بەرگری لەم پیشە پیرۆزەی خۆیان بکەن، بەوەی کە نەهێڵن خەڵکانێکی تر بەرگی ڕۆژنامەنوس لەبەربکەن و کاری تر بکەن، ئەوانەی کە گیراون، جەنابت ئەڵێی ڕۆژنامەنوس یان چالاکوان، بە حەقیقەت لە ئەسڵدا ئەوانە نە چالاکوانن نە ڕۆژنامەنوس، هەندێک لەمانە سیخوڕبون، سیخوڕیان بۆ وڵاتانی تر کردووە، هەندێکیشیان تێکدەربون، چەکداربون هەوڵی تەقاندنەوەی باڵەخانەو پێگەی خەڵکی بیانی لێرەو کوشتن و بڕین و ڕفاندن و تێکدانی بارودۆخەکەیان کردووە، من حەز ئەکەم دڵنیابیت ئەوانەی کە گیراون نە چالاکوان بون نە ڕۆژنامەنوس، تەنها بەرگی ڕۆژنامە نوسیان لەبەرکردووە لە ژێرەوە شتی تریان کردووە، حکومەتی هەرێم بەهەموو شێوەیەک پشتیوانی مافی ڕۆژنامەنوس و ئازادی ڕادەربڕینە، هەرکەسێک بیەوێت بارودۆخ، تێک بدات لە ڕاستیدا یاسا هەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات".

بەسەرنجدان لە وەڵامەکەی سەرۆکی هەرێم، بۆمان دەردەکەوێت کەئەمە ئاماژەیەکە بۆ دەستتێوەردانێکی ناڕاستەوخۆ، لەکار و بڕیار و ڕێکارەکانی دادگاو دەسەڵاتی دادوەری هەرێم. بەتایبەت بەتاوانبارکردنی کۆمەڵێک تۆمەتبار کە هێشتا دادگای تایبەتمەند ئەو تۆمەتەی ئاراستەیان کراوە، یەکلای نەکردوەتەوە. بۆیە بەکارهێنانی کۆمەڵە چەمکێک لەوانە (سیخوڕی، کوشتن و بڕین، تێکدان، چەکهەڵگرتن، تەقاندنەوە، ڕفاندن)، ئەمانە چەمک گەلێکن کە هەر بابەتێک لەوانە مادە و سزای یاسای تایبەتی خۆی هەیە ڕەگەزی تاوانیان بۆ دروست بونی تاوانەکە بنەمای مادی و مەعنەوی جیاوازیان هەیەو سزای جیاوازی بۆ دیاری کراوە لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستاندا.

ئەم وتانەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ شوباتی ٢٠٢١دا بو، واتە پێنج ڕۆژ بەر لەبەڕێوەچونی یەکەم جەلەسەی دادگایکردنی ئەو دەستگیرکراوانەی بادینان، کە لە ١٥ شوباتی ٢٠٢١دا دادگایکران. بۆیە ئەو ڕێکارە یاسایانە کە پێشتر لەلایەن دادگایی لێکۆڵینەوە گیراوەتەبەر تەنها کۆکردنەوەی بەڵگەن و خودی دادگای لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی گفتوگۆکردنی ئەو بەڵگانەی نییە کە کۆیان دەکاتەوە، تەنها ئەوە نەبێت ئەگەر باوەڕی ئەوەی هەبوو کە تۆمەت و بەڵگەی کافی هەیە بۆ هەواڵە کردن، ئەوکات بڕیاری هەواڵکردنی تۆمەتباران دەدات بۆ دادگای تایبەتمەند، واتە تا بەرواری یەکەم دانیشتنی دادگا و دواترەکانی ناکرێ و نابێت گفتوگۆ و ڕادەربڕین لەسەر تۆمەتەکان بکرێت یاخود بگوازرێتەوە. ئەوە لە دادگای تایبەتمەند هەڵاوێردو گفتوگۆی تەواو دەکرێت لەسەر بەڵگەی تاوان، وتەی تۆمەتباران، شاهید و بەڵگەی بەرگری... هتد. لەوێدا دەردەکەوێت کە بابەتی دۆسیەکە بە تاوان لەقەڵەم دەدرێت یاخود نا. کەواتە بۆ هیچ لایەنێک تەنانەت بۆ خودی دادگاش ڕێگەپێدراو نییە تا تۆمەتبار

تۆمەتەکەی ساغ نەبێتەوە بەچاوی تاوانبار تەماشای بکات، یان بە تاوانبار ناوی بهێنێت، یان بڕیاری پێشوەختە بدات، ئەویش پاش بڕینی سەرجەم ڕێکارەکانی بنەما دادگەرییە سزاییەکان کە دیاری کراون. کە خۆی لە خۆیدا پرنسیپێکی دەستوری و یاساییە لە مادەکانی ١٩ بڕگەی پێنجەم دەستوری عێراقی فیدراڵدا هاتوە: "تۆمەتبار پاکە هەتا تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە، لە دادگایەکی یاسای و دادپەروەرانە_المتهم بريء حتى تثبت ادانته في محاكمة قانونية عادلة". بۆیە ڕادەربڕینی پێشوەخت لە دۆسیەی تۆمەتبار پێش بڕیاری دادگا، بە دەستێوەردانێکی ئاشکراو کارێکی نایاسایی لەقەڵەم دەدرێت، بەتایبەت لەلایەن دەسەڵاتێکی باڵای وەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکرێت. ئەمەش پرسی سەروەی یاسا لەهەرێمدا هێندەی دیکە دەخاتە ژێر پرسیارو مەترسیەوە.

دەستخستنە نێوکاروباری دادگاو سەروەری یاسا و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەر لەسەرەتاکانی دروستبونی کیانی هەرێمی کوردستان هەستی پێکراوەو بەرجەستە بوە. لەوبارەیەشەوە دو نامەی مێژوی (نەوشیروان مستەفا) هەیە، کە بۆ (جەلال تاڵەبانی) ناردون لەساڵی ١٩٩٩، بەسیفەتی سەرۆکی هەرێم، لەئیدارەی ئەوکاتەی سلێمانی. ئامانجی نامەکانیش بۆ باشکردنی دۆخی دادگاکان و پرسی سەروەری یاساو زامنکردنی ماف و ئازادی شکۆی تاک بوە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان. لەوبارەیەشەوە کۆمەڵێک پێشنیاری خستوەتەرو.

- دەقی نامەی یەکەم:

دەزگای ئاسایش

گەورەی بەڕێز

سەرۆکی هەرێمی کوردستان

پاش سڵاو

لەم کاتەدا کە بەڕێزتان بڕیارتان داوە هەمو قانونەکانی عێراق دەسکاری بکرێن و بگونجێنرێن، لەگەڵ جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ دا بەندە بە چاکی ئەزانم هەندێ بیروبۆچونی خۆم سەبارەت بە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و دادگا، لەوڵاتەکەماندا بخەمە بەرچاوی بەڕێزتان:

١. بەداخەوە ئەوەی من لە سەر دەزگای ئاسایش بیستومە، دەزگای ئاسایش لە ناو خەڵک دا خۆشەویست نیە، بەڵکو بۆتە دەزگایەکی ئیرهابی، هاووڵاتی ئاسایی، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشتیوان و واسیتەیان نیە، لێی ئەترسن.

٢. دەزگای ئاسایش لەکاروباری تایبەتی هاووڵاتییان و تەنانەت لە ژیانی تایبەتییان دا تەدەخول ئەکەن.

٣. فۆرمی جۆراوجۆریان ڕێکخستوە لە ناو دائیرەدا بە هاووڵاتییانی پڕ ئەکەنەوە. هەندێ لەو فۆرمانە پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە و لە گەڵ جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ دا ناگونجێن و سوکایەتیە بە کەرامەتی مرۆڤ. وا نمونەیەکی ئەخەمە بەرچاوی بەڕێزتان.

٤. بیگومان بەندە ئەمانە نانوسم بۆ ئەوەی لە نرخی دەزگای ئاسایش و ئەو هەمو خزمەتەی کە بە ئاسایشی گەلەکەمان و یەکیتی کردوە کەم بکەمەوە، بەلکو بە ریز و ستایشیکی تایبەتیەوە ئەروانمە ئەو لایەنەی. زۆری ئەوانەیش کە لەوی کاربەدەستن لەو پیشمەرگانەن کە نزیکی من بون و ئیستاش نزیکی منن. بەڵام ئەم دەزگایە کاتیک دروست بو (انفلاتی امنی) هەبو، پیویستی بەوان بو، ئیستا کۆنترولی ئەمنی وڵات کراوە بۆیە ئەبی سروشت و ئەرکەکانی ئەم دەزگایەش بە پیی هەلومەرجی نوی ریک بخریتەوە.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناتەواوییانە پێشنیار ئەکەم:

١. هەمو ئەو فۆرم و مولحەقی فۆرمانەی ئاسایش ڕێکیان خستوە لە کاتی موراجەعەتدا بە هاووڵاتی ئاسایی پڕ ئەکەنەوە سەرلەنوێ چاویان پێدا بخشێنرێتەوە و ئەوەی لە گەڵ جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ و کەرامەتی مرۆڤ دا ناگونجێن لەغو بکرێن و، ڕێگە نەدرێ بە کاربەدەستانی ئاسایش کاری لەو بابەتە دوبارە بکەنەوە و، ئەگەر کردیان هاووڵاتییان بۆیان هەبێ لە دادگا شکاتیان لێ بکەن.

٢. چاو بە کاربەدەستانی دەزگای ئاسایشدا بخشێنرێتەوە و، کەسانێک کە پیشەکانیان و خوێندنیان پێوەندییان بە کارەکانی ئەم دەزگایەوە نیە بگۆڕدرێن بەکەسانی قانونی و دەرچوانی کلیەکانی پۆلیس، قانون، علمی اجتماع، علمی نفس، علومی سیاسی، ادارە، میژو، زمانی ئینگلیزی... پاش ڕاهێنان و مەشق پێ کردن.

٣. لە وڵاتانی دیموکراتی‌دا کۆمیتەیەکی پارلەمانی دائەنرێ بۆ چاودێری دەزگا ئەمنییەکان بۆ ئەوەی لە سنوری قانون دەرنەچن. ئێمە لەبەر ئەوەی حاڵی حازر پارلەمانمان نیە چاک وایە کۆمیتەیەکی سەر بە سوڵتەی قەزایی یان دەزگایەکی سەر بە مافی مرۆڤ چاودێری کارەکانی ئاسایش بکا.

٤. ئەو کەسانەی لە ئاسایش لا ئەبرین ئەکرێ بگوێزرێنەوە بۆ ناو هێزی پیشمەرگە بە تایبەتی پێشمەرگە کۆنەکان کە ئازا و دڵسۆز بون بۆ یەکێتی.

٥. بایەخی تایبەتی بدرێ بە پۆلیس.

ا. هەندی بەشی تازە بکرێتەوە وەکو بەشی مخدرات، تزویر، هەروەها هەیئەتیک بۆ تفتیش.

ب. بەشی (الادلە الجنائیە) بە هەمو کەلوپەلە پێویستەکانیەوە بکرێتەوە.

ج. (مخافری حدودی) دابمەزرێنری.

د. چاوێک بە هەمو دەزگاکانی‌دا بخشێنریتەوە و ئەمیش بە هەمان شێوەی ئاسایش موتوربە بکرێ بە خوێنی تازە و بە دەرچوانی جامیعەکان.

٥ . به پێی توانا پێویستیەکانیان لە سەیارە، دەمانچە، خولی فێرکردنی لێکۆڵینەوە، بۆ دابین بکرێ.

٦. کۆلێجی پۆلیس بۆ پێگەیاندنی ئەفسەر دابمەزرێنرێ.

٧. وەکو چۆن نەخۆشخانەی تایبەت بۆ پێشمەرگە تەرخان کراوە، ئەگەر لە تواناد بێ نەخۆشخانەیەکیش کە تایبەت بێ بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بکرێتەوە.

٨. بایەخی تایبەتی بدرێ بە دادگا.

ا. مەحکمەی تمییز بەهێز بکرێ و ئەندامەکانی بە پێی قانون زیاد بکرێن و، کەسانی لێوەشاوە بۆ الاشراف العدلی، الادعا العام، دیوان التدوین القانونی، رعایه القاصرین دابنرێ.

ب. سەرەتا ١٤ حاکمی تازە بۆ ئەم شوێنانە تعیین بکرێ: بۆ دەوروبەری سلێمانی، کفری، کەلار، هەلەبجەی شەهید، هەڵەبجەی تازە، پێنجوین، چوارتا، دوکان، رانیە، قەڵادزە، چەمچەماڵ، کۆیە، دەربەندیخان، سەید سادق.

ج. زەمینە خۆش بکرێ بۆ تەعیین کردنی هەندێ حاکمی تازە لە سلێمانی بۆ ئەوەی هەندێ لەو حاکمانەی سومعەیان لە روی نەزاهەتەوە زڕاوە، تەقاعود بکرێن، یان بگوێزرێنەوە بۆ شوینی تر.

لە گەڵ ڕێزی بێ ئەندازەی نەوشیروان مستەفا

سلێمانی، ١١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٩

❖ دەقی نامەی دوەم

دادگا

بـرای گەورە و بەڕێزم مام جەلال

سڵاوێکی گەرم...

هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن

چەند جارێ چەند کەسێکی قانونیو نائیبی مدعی عام هاتونەتە لام بۆ دەربڕینی هەندێ سەرنج و تێبینی تـا بە جەنابتی بگەیەنم، وا لە خوارەوە پوختەکەیتان ئەخەمە بەرچاو هیوادارم کەڵکێکی هەبێو خۆت کە پیاوێکی قانونیت گرنگیی دادگا بێگومان لە خەڵکی کــە باشتر ئەزانی.

١. وەزعی ناو دادگای سلێمانی باش نیە چونکە حاکم (.......) و حاکم (.......) ناکۆکن. بەو هۆیەوە دەزگای محکمة بۆتە دو تەکەتولی دژ بە یەک و دژی یەکتری ئەدوێنو کـار لە یەکتری ئەشێوێنن.

ئەم کێشەیە بەوە چارەسەر ئەکرێ کە ئەم دو حاکمە ئاشت بکرێنەوە و ڕێکبخرێنەوە چونکە هەردوکیان بە کەڵکن بۆ دادگاکانی سلێمانـی.

٢.هەیبەتی دادگـا کەم بۆتەوە. تا ئێستا چەند جارێ لە بەردەمی دادگادا تەقە بوە و جارێکیش یەکێ کوژراوە. بیناکەیشیان بچوکە و پاک و خاوێن نیە. بۆ ئەوەی هەیبەتی دادگا بەهێز بکرێ پێویسـتە:

أ . ژمارەیەکی باش پۆلیس بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوەوە و دەرەوەی دادگا تەرخان بکرێ.
ب. حیمایە بۆ حاکمەکان دابنرێ.
ج. خاوێنی بیناکە و دیوارەکانی ڕابگیرێ.
د. بیناکەی پشتی دادگا کە هی بەلەدیاتە بدرێ بەمان.
٣. وەزعی محکمەی تحقیق باش نیە چونکە:
أ. تەنیا یەک حاکم تحقیق هەیە و مەسەلەکانی لە سەر کەڵەکە ئەبێ.
ب. محکمة اجهزەی تحقیقی نیە وەکو: مختبر الادلة الجنائیة، جهاز طبع الاصابع، جهاز کشف السلاح...
٤.بۆ پێگەیاندنی حاکمی گەنج ئەتوانرێ معهد القضاء لە سەر شێوەی مەعهەدەکەی بەغداد دابمەزرێنرێ. لە سلێمانی ئیمکانی ئەمە هەیە.
٥.بۆ ئەوەی سەربەخۆیی قانونی خۆمان هەبێ و مادەم بەرەو خۆجیاکردنەوە ئەچین لە پارتی پێویستە محکمەی تمییزی خۆمان لە سلێمانی هەبێ.
٦. عفوی خاص بۆ هەندێ تاوانبار دەرچوە ئەمە شتێکی باش نیە بۆ سومعەی محکمة. ئەمە یا نەهێڵرێ یان زۆر کەم بکرێتەوە.
٧. ئێستا ٣٧ نائیبی مدعی عام هەیە لە گەڵ سەرۆک و جێگرەکەی ئەبن بە ٣٩ کەس. ئەم ژمارەیە زۆرە و هەندێکیان ڕەنگە هێشتا بە کەڵکی ئەم ئیشە نەیەن چونکە بە واسیـتە دانراون. مەرجەکانی مدعی عام بە گوێرەی قانونی عێراقی ئەبێ:
عێراقی بێ، مـتـزوج بێ، لایەنی کەم ٣ ساڵ خزمەتی هەبێ و ٢ ساڵیش لە معهد القضاء خوێندبێتی.

لە گەڵ ڕێزی بـێ ئەندازەی نەوشیروان
سلێمانـی ٣ ی ئـابـی ١٩٩٩

مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف دهوك
محكمة جنايات دهوك /١

ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتیا دادگەها تێهەلچوونەوەی
ناوچەی دهوک
دادگەها تاوانی دهوک ١/

التاريخ / ٤/١٠/٢٠٢٠

العدد / ١٥٨/ت/٢٠٢٠

تشكلت محكمة جنايات دهوك الاولى بصفتها التمييزية بتاريخ ٤/١٠/٢٠١٩ برئاسة القاضي السيد د. عبدالرحمن سليمان زيباري وعضوية القاضيين السيدين احمد حسن خلف وعباس فاضل احمد المأذونين بالقضاء باسم الشعب وأصدرت قرارها الآتي :-

**المميز / المتهم / بدل عبدالباقي ابابكر / وكيلاه المحاميان رمضان علي ارتيسي وريفينك ياسين ونوزاد سعيد**

**المميز عليه / قرار محكمة تحقيق دهوك المؤرخ في ٢٦/٨/٢٠٢٠**

قررت محكمة تحقيق دهوك بموجب قرار الاحالة المرقم ٨٠٨/احالة/٢٠٢٠ في ٢٦/٨/٢٠٢٠ احالة المتهم بدل عبدالباقي ابابكر الى محكمة جنح دهوك لاجراء محاكمته عن التهمة المسندة اليه وفق احكام المادة الثانية من قانون رقم ٦ لسنة ٢٠٠٨ من قانون منع واساءة استعمال اجهزة اتصالات ولعدم قناعة وكيلا المتهم المحامون اعلاه بالقرار بادروا الى الطعن فيه تمييزا بموجب لائحتهم التمييزية المؤرخة في ٢٢/٩/٢٠٢٠ وارسلت الاضبارة الى هذه المحكمة مع مطالعة المدعي العام دانا بكر رسول بالعدد ٢٣٠ في ١/١٠/٢٠٢٠ طالبا فيها نقض القرار المميز ووضعت الدعوى قيد التدقيق والمداولة .

__القرار:__ بعد التدقيق والمداولة وجد ان الطعن التمييزي مقدم ضمن المدة القانونية فقرر قبوله شكلا ولدى عطف النظر على القرار المميز وجد انه غير صحيح ومخالف للقانون لان ما نسب للمتهم من مقاطع فيديو ومنشورات على مواقع التواصل الاجتماعي ينتقد فيها المتهم الاداء الحكومي ومظاهر الفساد الموجودة وعدم مراعاة الظروف المعيشية لمواطن الاقليم (حسب وجهة نظر المتهم) وعدم صرفها الرواتب الموظفين وقوات البيشمركة كاملة وفي مواعيدها وكذلك الدعوى الى التظاهر السلمي لهذا الغرض باتت من الامور المألوفة على وسائل التواصل الاجتماعي وكذلك القنوات الفضائية وان هذا الامر لا يعد من قبل الافعال المعاقب عليها قانونا طالما لا يخل ذلك بالنظام العام ولا يقترن بالعنف والتخريب وكان ذلك في حدود حرية التعبير والاجتماع والتظاهر المصونة بموجب المادة ٣٨ من الدستور العراقي الاتحادي لسنة ٢٠٠٥ وكذلك الاتفاقيات العهود الدولية المعترف بها من قبل سلطات الاقليم ولكل ما تقدم ولما لهذه المحكمة من صلاحية الفصل قررت المحكمة رفض الشكوى وغلق الدعوى نهائيا عملا بحكم المادة ١٣٠/أ الاصولية الجزائية ويخلى سبيل المشكو منه حالا ما لم يكن مطلوبا لسبب قانوني اخر واعادة اضبارة القضية الى محكمة تحقيق دهوك لاتباع ما تقدم وتأشير القرار في سجلاتها مع اشعار محكمة جنح دهوك بهذا القرار وصدر القرار بالاكثرية استنادا للمادتين ٢٦٤ و ٢٦٥ الأصولية الجزائية في ٤/١٠/٢٠٢٠

الرئيس
د. عبدالرحمن سليمان زيباري

العضو
احمد حسن خلف

العضو
عباس فاضل احمد

بەگشتی لەیانزەهەمین ڕاپۆرتی پرۆژەی پاڵپشتی دادگا، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD)، بۆ ساڵی ٢٠١٨، تیایدا هاتوە: ٧١٢ حاڵەتی پێشێل کاری سەروەری یاسا تۆمار کراوە لە دادگاکانی سنوری پارێزگای ( هەولێر، سلێمانی، دهۆک)، کە پێشێلکاریەکان تایبەت بون بە :

- کەمتەرخەمی و گوێپێنەدان لە جێبەجێنەکردنی ڕێوشوێنە یاساییەکان و بڕیاردانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە، لەلایەن بەرپرسانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و ئاسایش، (٣١٠) حاڵەت.
- بەکارهێنانی ئەشکەنجەو مامەڵەی نامرۆڤانە دژی تۆمەتباران، (١١٨) حاڵەت.
- دەستێوەردان لەکاروباری دادگا و دادوەری لەلایەن دام و دەزگای ئەمنی و پارتە سیاسیەکان (١١٧) حاڵەت.
- وەڵام نەدانەوە و جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە لە لایەن دام و دەزگای حکومی و پارتی سیاسی و کۆمپانیای ئەهلی، کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنیان، (١٢٨) حاڵەت.
- بەڕێوەبردنی ڕێکاری لێکۆڵینەوە پێچەوانەی یاسا، (٢٩) حاڵەت.
- پێشێلکاری جۆراو جۆر، (١٠) حاڵەت.

**١- ژمارەی دۆسیە: ر. س/١٠/٨٣**

**دادگا:** دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.

**بڕیاری دادگا:** دەستگیرکردنی (٢٥٨ مستەشار) کە تۆمەتبارن لەکەیسی ئەنفال.

**بەرواری بڕیاری دادگا:** ٢٠١٠/٨/١١.

> دوای هەشت ساڵ لە بڕیاری دەستگیرکردنیان هیچ تۆمەتبارێکی ئەنفال دەستگیرنەکراوە

**لایەنی بەرپرس لەجێبەجێکردن:** پۆلیس و ئاسایشی هەرێمی کوردستان.

**ماوەی جێبەجێنەکردن:** ٨ ساڵ و ٤ مانگ.

**جۆری پێشێلکاری:** جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا و دەستگیرنەکردنی تۆمەتباران لەلایەن هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەهەرێمی کوردستان کە لەکۆی ئەو ژمارەیە تائێستا تەنها (٣) کەس لەو تۆمەتبارانە دەستگیرکراون وێڕای ئەوەی ناو و ناونیشانیان ڕوون و ئاشکرایە.

**٢- ژمارەی دۆسیە: نەتوانراوە تۆماربکرێت**

**دادگا:** دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەپارێزگای سلێمانی.

**بڕیاری دادگا:** دەستگیرکردنی تۆمەتباران.

**لایەنی بەرپرس لەجێبەجێکردن:** بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر.

**جۆری پێشێلکاری:** لە پرێس کۆنفرانسێکدا بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی سلێمانی لەوەڵامی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێرکە ڕایگەیاندبوو: پۆلیسی سلێمانی تۆمەتبارانی شاری هەولێر کە هەڵهاتوون و بۆ سلێمانی دەستگیر ناکەن)، ڕایگەیاند کە (١١٤) فەرمانی دەستگیرکردنیان ناردووە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەولێر و جێبەجێی ناکەن.

**دادگا:** دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان - دەستەی سزایی — دووەم.

**ژمارەی بڕیار:** (٤١٦/ دەستەی سزایی — دووەم /٢٠١٨ لە ٢٠١٩/٢/٦).

> دادگای پێداچونەوەی هەرێم: هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم وتەکانی تۆمەتبار لە قۆناغی لێکۆڵینەوە بە هۆی ئەوەی لە ژێر ئەشکەنجەدا لێی وەرگیراوە

ناوەرۆکی بریار: پەسەند کردنی بڕیاری دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢ بە ژمارە(٤٣٩/ت/٢٠١٧ لە ٢٠١٧/١١/٦) تایبەت بە سزادانی چەند کارمەندێکی پۆلیس بە هۆی ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیەك و حجزکردنی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك بەبێ بڕیاری دادوەر.

13

## سێیەم: دەستوەردان لەکاروباری دادگا و دادوەری لەلایەن دام و دەزگا ئەمنی و پارتە سیاسیەکان (١١٧)حاڵەت

لەبەرجیاوازی ئەم بەشە لەبەشەکانی تری ڕاپۆرتەکەو تایبەتمەندی ئەم کێشەیە و بەدەر لە ئاماژەدان بەژمارەکان تەنها چەند نمونەیەك دەخەینە ڕوو، چونکە بوونی تەنها یەك حاڵەتی دەستوەردانی حزبی و حکومی لەکاروباری دادوەری پێشێلکاری گەورەیە و پێویستی بە بنبڕکردن هەیە، کەبەداخەوە وێڕای دووپات کردنەوەی چەندین ساڵەمان لەڕێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکانی ئەم پرۆژەیە بە بوونی دەستوەردانی حزبی و حکومی لەکاروباری دادگاو دادوەری، وێڕای چەندین هەوڵ بۆ هەموارکردنەوەی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بۆ ڕێگرتن لەهەر دەستوەردانێك لەم دەزگایە، وێڕای سەرنجی چەندین دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی و میدیاو ڕێکخراو لەسەر سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، بەڵام جێی داخە کە ئەم دیاردەیە ئەگەر زیادی نەکردبێت کەمی نەکردووە و جێی مەترسی و نەمانی متمانەی هاوڵاتیانە بەدادگاکان.

### حاڵەتەکان:

١ - پلە بەرزکردنەوەی (١٠) دادوەر بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای پەنجا بە پەنجای نێوان یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکرات بەشێوەیەك ڕوون و ئاشکرابوو کەبەشێك لەدادوەران ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەڵوێستیان لەسەر وەرگرت.

٢ - وێڕای کەمی دەستوەردان لەدوو خولی پێشوی پەیمانگای دادوەری هەرێمی کوردستان بەڵام خولی سێیەمی پەیمانگای دادوەری ساڵی (٢٠١٨) بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو دەستوەردانی هەردوو پارتی دەسەڵاتداری پێوە دیار بوو، کەبەشداربووانی پرۆسەکە و بەشێك لەدادوەران نیگەران بوون لەپرۆسەکە.

٣ - دەستگیرکردنی ئەندامانی یەکتر لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدار بەبێ بڕیاری دادگا و لێدوانی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر بۆ میدیاکان کەبەئاشکرا ڕایگەیاند چەند کادرێکی یەکێتیان دەستگیر کردووە لەبەرامبەر دەستگیرکردنی کادرێکیان لەشاری سلێمانی بەناوی (أ. ح. ر)، کەدەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ ئەم کەیسەی بە پێشێلکارییەکی زەقی یاسا ناوبرد.

> **ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی: پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری تا ئێستا لای پارتیەو ئێمە لێی بێدەنگین**

**چوارەم: وەڵام نەدانەوەو جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگاکانی لێکۆڵینەوە لەلایەن دام و دەزگا حکومی وپارتە سیاسی و کۆمپانیا ئەهلیەکان و کەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنیاندا (١٢٨) حاڵەت**

**١- ژمارەی دۆسیە: ١٧٦/ هەواڵە/٢٠١٨**
**دادگا:** لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی.
**مادەی یاسایی:** مادەی ١ لەیاسای ٢١ساڵی ٢٠٠٣.
**جۆری پێشێلکاری:** لەبەرواری ٢٠١٨/٩/٤ و بە بڕیاری ژمارە (٥٠١/ت/٢٠١٨) دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢ بڕیاری داوە بەئازادکردنی تۆمەتبار و گەڕاندنەوەی بڕە پارەی دەست بەسەرداگیراو، بەڵام تا بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٢ ئاسایشی سلێمانی پارەکەی بۆ نەگەڕاندۆتەوە.

**٢- ژمارەی دۆسیە: نەتوانراوە تۆمار بکرێت**
**دادگا:** دادگاکانی لێکۆڵینەوەی هەولێر.
**لایەنی کەمتەرخەم:** بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی.
**جۆری پێشێلکاری:** جێبەجێ نەکردنی بڕیاری دادوەری دادگاکانی لێکۆڵینەوەی هەولێر بەدەستگیرنەکردنی تۆمەتبارانی هەڵهاتوو بۆ شاری سلێمانی لەسەر زاری بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر.

> **ئاسایشی سلێمانی: پێشێلکاری یاسای چاودێری نەوجەوانان دەکات و لێکۆڵینەوە لەگەڵ نەوجەوانانی تۆمەتبار دەکات**

**٣-ژمارەی دۆسیە: نەتوانراوە تۆمار بکرێت**
**دادگا:** دادگاکانی لێکۆڵینەوەی سلێمانی.
**لایەنی کەمتەرخەم:** بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر.
**جۆری پێشێلکاری:** جێبەجێ نەکردنی ١١٤ فەرمانی دەستگیرکردنی تۆمەتباران دەرچوو لەدادگاکانی لێکۆڵینەوەی سلێمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بەپێی لێداونی فەرمی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی.

**٤- ژمارەی دۆسیە: ١٣٢٢**
**دادگا:** لێکۆڵینەوەی سلێمانی/١
**لایەنی کەمتەرخەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی.
**جۆری پێشێلکاری:** نەناردنی کۆنووسی لیژنەی لێکۆڵینەوەی فەرمانگەکە لەسەر کێشەی یاریگایەك لەقەڵادزێ لەبەرواری بڕیاری دادگا لە ٢٠١٥/١١/٣ تا بەرواری تۆمارکردنی حاڵەتەکەلە ٢٠١٨/١٠/١ واتە تا دوای ٣ ساڵ.

## پێنجەم: بەڕێوەبردنی ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە پێچەوانەی یاسا (٢٩) حاڵەت

**١- ژمارەی دۆسیەی: نەتوانراوە تۆمار بکرێت.**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی هەولێر نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن.

**مادەی یاسایی:** ٤٠٥ یاسای سزادان.

**جۆری پێشێلکاری:** پێچەوانەی یاسای بنەماکانی دادگەری سزایی وێڕای ئەوەی تاوانەکە لەدەرەوەی عێراق ئەنجام دراوەو ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە تیایدا پێویستی بەرەزامەندی وەزیری دادە، بەڵام بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی تۆمەتبار (ر. ع) دەستگیرکراوە.

**٢- ژمارەی دۆسیە: نەتوانراوە تۆمار بکرێت**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی سلێمانی/٥.

**مادەی یاسایی:** ٢٤ هاتوچۆ.

**جۆری پێشێلکاری:** بەواری ٢٠١٠/١٢/١٨ ڕووداوی هاتوچۆ ڕوویداوە، بەڵام کەشف و هێڵکاری ڕووداو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی لەبەرواری ٢٠١٥/٨/٢٥ واتە دوای ٥ ساڵ ئەنجام دراوەو دادگاش پەڕاوەکەی هەواڵە کردووە.

**٣- ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/ە/١٧٦**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی ئاسایشی سلێمانی.

**لایەنی کەمتەرخەم:** بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی.

**جۆری پێشێلکاری:** تەسلیم نەکردنەوەی ئاڵتون و پارەی دەست بەسەرداگیراوی تۆمەتبار لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی تا بەرواری ٢٠١٨/١٠/٢٢.وێڕای بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایش بە گەڕاندنەوەیان.

**٤- ژمارەی دۆسیە: ٥٣٥**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی ئاسایشی گەرمیان.

**مادەی یاسایی:** ٤٣٧ لەیاسای سزادان.

**جۆری پێشێلکاری:** سکاڵاکاران لەوتەکانیاندا دەڵێن کە سەردەمی ڕژێمی بەعس کاری جاسوسیمان بۆ وڵاتی ئێران کردووەو تۆمەتبار ئاشکرای کردوین، لەکاتێکدا کە کاری سکاڵاکاران تاوانە بەپێی یاسا، بەڵام دادوەر لەبەر ئەوەی پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ بکاتەوە بە تۆمەتی (جاسوسی کردن) فەرمانی دەستگیرکردنی دەرکردووە بۆ تۆمەتبار.

## شەشەم: پێشێلکاری جۆراوجۆر (١٠) حاڵەت

لەم بەشەدا چەند حالەتێکی پێشێلکاری جۆراو جۆر دەخەینەڕوو کە لەژێر هیچ کام لە ناونیشانەکانی پێشودا پۆلێن ناکرێن، بەڵام پێشێلکاری یاسایین دژ بە یاساو مافەکانی مرۆڤن.

**١ - ژمارەی دۆسیە: (٢٠١٨/١١٦٨)**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی کەلار.

**جۆری پێشێلکاری:** (سوکایەتی کردن بە تۆمەتبار) حاڵەتی تۆمارکراو: لەکاتی لێکۆڵینەوە **دادوەر بە تۆمەتبار دەڵێت:** ئەو کارەی تۆ ئەنجامی دەدەیت هەمووی حەرام و قۆڵبڕین و فێڵەو لەکاتێکدا تۆمەتبار دەڵێت جەنابی دادوەر ئەزانیت کارەکەی من چیە؟ لەوەڵامدا دادوەر دەڵێت نەخێر نازانم کارەکەت چیە!!! **بەرواری تۆمارکردن:** (٢٠١٩/١/٦)

**٢- ژمارەی دۆسیە: نەتوانراوە تۆمار بکرێت**

**دادگا:** دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر – نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن.

**جۆری پێشێلکاری:** مانەوەی زۆری تۆمەتبار بەڕاگیراوی حاڵەتی تۆمار کراو: لەکاتێکدا تاوان لە وڵاتی تورکیا ڕووی داوەو ئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویستی بەوەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی داد هەیە، بەڵام دادوەر جگە لەوەی ڕەزامەندی وەرنەگرتووە لەماوەی ٢٠١٨/٥/٢٠ تا بەرواری تۆمارکردنی حاڵەتەکە لە (٢٠١٨/٦/٥) تۆمەتباری بەڕاگیراوی هێشتۆتەوە.

**٣ - ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٨/١٦٢**

**دادگا:** لێکۆڵینەوەی هەولێر _ نوسینگەی لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتن.

**جۆری پێشێلکاری:** درەنگ وەرگرتنی وتەی تۆمەتبار حاڵەتی تۆمارکراو: لەبەرواری ٢٠١٨/٦/١ تۆمەتبار دەستگیرکراوە تابەرواری ٢٠١٨/٦/٤ وتەی وەرنەگیراوە.

## ئەنجام

بەتێڕوانین لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت کە سەروەری یاسا لە سایەی دەسەڵات و حوکمڕانی کوردی ( هەرێمی کوردستان _ عێراق)، لە ئاست و حاڵەتێکی نەخوازراو و مەترسیداردایە، ڕێزنەگرتن و نەپاراستنی ماف و ئازادیەکانی تاک، بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆسەری بێ قەید و مەرجی دەسەڵاتدارانی هەرێم، بێ گوێدانە یاساو سەروەریەکانی، سستی کاری دادگا و دەسەڵاتی دادوەری دەستتێوەردان لەکاروباری داگاکان، بۆشایی یاسایی و بنەمای یاسای بۆ دەسەڵاتی یاسادانان میکانزمی یاسا دانان، لە ژێر چوارچێوەی دەستور و نەبونی دەستور لە هەرێمی کوردستان، نەبونی دەسەڵاتێکی دادوەری بۆ چاودێری و پێداچونەوەی ئەو یاسایانەی کە پابەندیەکی دەستوری نییە، هەموو ئەمانە ڕێگەدەر و ڕێگا خۆشکەرن بۆ نەبونی سەوەری یاساو پێشێلکاریەکانی سەروەری یاسا. کە پەیکەری سیاسی ئەم هەرێمەی لە ڕابردو ئێستادا دوچاری لادان و ئاڵنگاری کردوەتەوە. باشتر کردن و بەرقەراری سەروەری یاسا پەیوەستە بە چاوخشاندنەوەی سەرتاپای ئەو جومگەو دەسەڵاتانەی بۆ سەروەری یاسا گرنگن، بە گرنگیەکی مێژوی و ژیانی دادەنرێت لەم هەرێمەدا.

# سەرچاوەکان


- جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ١٩٤٨.
- گرێبەستی نێودەوڵەتی مافی شارستانی و سیاسی ١٩٦٦.
- بڕیاری ٦٨٨ ساڵی ١٩٩١، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرووەکان.
- دەستوری عێراق، ٢٠٠٥.
- یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان- عێراق ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٢.
- یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ ساڵی ٢٠٠٥.
- یاسای ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٣ ساڵی ٢٠٠٧.
- یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە ١٤ ساڵی ٢٠٠٨.
- یاسای پارێزەرایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ١٧ ساڵی ١٩٩٩، هەموار کراو.
- یاسای تیرۆر، ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٠٦.
- یاسای بنەما دادگەرییە سزاییەکان، ژمارە ٢٣ ساڵی ١٩٧١.
- بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١٠٦ لە ٢٠١٧/٧/٨.
- بڕیاری دادگای تاوانەکانی دهۆک بە سیفەتی پێداچونەوە ژمارە ٢٨٥/ت/٢٠٢٠.
- یانزەهەمین راپۆرتی پرۆژەی پاڵپشتی دادگا، سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، (DHRD)، ٢٠١٨.
- نەوشیروان مستەفا، (لەنێوان مام جەلال و من دا) سلێمانی، لا ٤١ - ٤٦.
- محمود حاجی‌زاده، هیبت‌الله نژادی منش، محمد حسن زارعی، جایگاه حاکمیت قانون در حقوق بین‌الملل، فصل‌نامه پژوهش حقوق عمومی ، سال هیجدهم ، شماره ٥۴، بهار ١٣٩۶.

- Laurent Pech, "Rule of Law in France", in Peerenboom, R. (ed.), Asian Discourse of Rule of Law, (London: Routledge, 2004), pp. 79-112.
- NORMAN S. MARSH, The Rules of law in a free society, A REPORT ON THE INTERNATIONAL CONGRESS OF JURISTS, NEW DELHI, INDIA JANUARY 5-10, 1959.
- Naomi Choi, Rules of law political philosophy, 2017, https://www.britannica.com/topic/rule-of-law
- Armin von Bogdandy , Rüdiger Wolfrum, Judicial Independence in Transition, springer the language of science, 2012.
- Сергей Федорович Ударцев, Жалгас Рамазанович Темирбеков, КОНЦЕПЦИИ “RULE OF LAW” (“ВЕРХОВЕНСТВО ПРАВА”) И “RECHTSSTAAT” (“ПРАВОВОЕ ГОСУДАРСТВО”): СРАВНИТЕЛЬНЫЙ АНАЛИЗ, ГОСУДАРСТВО И ПРАВО, 2015, No 5, c. 5–16.